# له دەستووری عێراقدا ناوی "گەلی کورد" یان "گەلی کوردستان" نەهاتووە

**دکتۆر ڕێبوار فەتاح – لەندەن**

"ڕۆڵێکی سەرکیمان بینی لە نزیککردنەوەی بۆچوونەکانی هەردوو لایەنی شیعە و سوننەدا."
سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی، 29 ئۆگەستی 2005

"کورد یەکەمین هێز بوو کە خەباتی بۆ یەکێتی عێراق کرد. بێگومان، چەند لاوێکی خەوندیتوو هەن کە داخوازی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دەکەن."
سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکی یەکێتی، 04 سێپتەمبەری 2005

ئەم گووتارە لێکۆڵینەوەی تەنیا تەوەرێکی رەشنووسی دەستوورەی عێراق دەگرێتە بەر. ئەویش تەوەری یەکگرتن یان فیدراڵیە. لەو مافانە دەکۆڵێتەوە کە رەشنووسی دەستووری عێراق بۆ گەلی کوردستانی دابین کردووە – یان دابین نەکردووە. جەخت لەسەر ئەو فاکتەرانە دەکات کە دەستوورەکەیان لە قاڵب داوە. بەدوای پرسی "عێراقی یەکگرتووە"دا دەچێت و داهاتووی گەلی کوردستان و خاکی کوردستان پێشبینی دەکات. تەوەری تر زۆرن کە جێی پرسن و ئەم گووتارە بەلایدا ناچێت: ئیسلام وەک ئاینی دەوڵەت، دابەشکردنی سامانی کوردستان، دەسەڵاتەکان جا گەر دەسەڵاتی حکومەتی یەکگرتوو، هەرێم یان ستانە (پارێزگەکان) نانێوەندیەکان بێت، دادگای یەکگرتوو (فیدراڵی)، مافە سیڤڵەکان. دیارە چەندین پرسی تریش سەبارەت بە دەستوور و پرۆسەی پەیوەست پێوەی جێی گفتووگۆن.

**سازشەکان تەنیا لەسەری کورددا دەشکێنەوە**

رەشنووسی دەستوورەکە کێشمەکێشی هێزە سیاسی–کۆمەڵایەتیەکانی عێراقی بەئاشکرا پێوە دیارە. جێپەنجەی ئەنگلۆئەمەریکی لەسەرە. تورکیا، وەک بڵێی پاش 14 ساڵ لە دڵەڕاوکێ ئاهێکی پێدا هاتبێتەوە، رەزامەندی خۆی لە دەستوورەکە دەربڕی چونکە "یەکێتیی خاکی عێراقی پاراستووە". [1] جا بۆیە گوومانم نیە لەوەی کە تورکیا لەڕێی ئەنگلۆئەمەریکیەکانەوە دەستوورەکەی لە قاڵبی خۆی داوە. دووریش نیە کە هاوکاری هێزی شیعەی عێراقیشی کردبێت. تەریب بە پەسەندکردنی دەستوورەکە، سەرەکوەزیرانی تورکیا ئۆردوغان، گووتەکەی سەدامی 1974ی پاش 31 ساڵ لە ئامەدی (دیاربەکری) پیتەختی کوردستان دووبارە کردەوە: کێشەی کورد کێشەی ئێمەیە. وەک ئەوەی تورکیا بیەوێت بڵێت ئەوا لە باشوور ئەگەری دەوڵەتی کوردی رما، لە باکووریش ئێمەی تورک، وەک سەدام، خەمخۆری کێشەی کوردین. [2] دواتریش تورکیا پێی زۆرتر داگرت: ئێمە دان بە هەرێمێکدا نانێین ناوی کوردستان بێت. [3]

لە سەرئەنجامی ئەم کێشمەکێشمەیەدا، دەستوورێک دەرچووە کە لە چەندین کۆنسێپدا ناتەبا و ناکۆکە. بۆ نموونە کۆنسپتەکانی ئیسلام، شەریعە، فیدراڵیزم، دیموکراسی، کۆمەڵگەی سیڤڵسالار، زیندووکردنەوە و

بڵندڕاگرتنی خێڵ و تایفە و خێڵەکی و تایفەگەری، مافی ئافرەتان و مافی مرۆڤ هەموو وەک چێشتی مجەوەر لە لەگەنی دەستووریکی ئیسلامیدا تێکەڵ بوون. پرس زۆرن. چۆن سیستمێکی حوکمکردنی فیدراڵی دەبەستریتەوە بە ئیسلامەوە؟ ئەم کۆنسێپتە نەیارانە لەگەڵ یەکدا کارێکی وای ئەفراندوە کە بڕواناکەم بتوانریت تاکە قانوونێک دابنرێت کە لەگەڵ هەموو بنەماکانی دەستوورەکەدا تەبا بێت. ئەمەیە کە زەمینەی ئاژاوە لە عێراقی دوای دەستووردا دەئافرێنێت.

زۆر پرسیش یەکالا نەکراوەتەوە. خۆ ئەمەش دەکرێت وەک دەرهاویشتەی جودایی پێکهاتەکانی چێوەی عێراق ببینرێن. ئایا دەکرێت دەستوورێک بۆ وڵاتێکی فرەڕەگەز، فرەگەل، فرەئایین، فرەئەتنیکی وەک عێراق بنووسرێت کە لە وردەکاریەکانی مافی گشت بدوێت؟ ئایا گەر گوشاری ئەنگلۆئەمەریکی و هێزەکانی ناوچەکە نەبووایە و نەبێت عێراق وەک وڵاتێک دەمایەوە؟ ئایا پاشەڕۆژی عێراق بەرەوکوێ دەچێت گەر لەژێر ئەم گووشارە توندەی دەرەکیدا پێکەوە بلکێت؟ دەستوورەکە دەکرێت تەنیا بە دەستووری عێراق نەبینرێت. بەڵکو سەرئەنجامی کۆششی هێزەکانی ناوچەکە و هێزی ئەنگلۆئەمەریکیە. هەڵبەت ئیدارەی ئەمەریکی و بەریتانیش دەیەونەوێت بنکەیان لە وڵاتەکەیاندا بپارێزێن. لەم رووەوە، دەستوور فریادڕەسی ئیدارەی سەرۆککۆمار بوش و سەرۆکوەزیران بلێریشە.

سازش زۆر کراوە. زۆربەی سازشەکان لەسەری کورددا شکاوەتەوە. ئەو مادانەش کە لە دەستوورەکەدا تەماوین، لایەنی عەرەب چەکی کاریگەریان لەدەستدایە بۆ شکاندنەوەی قانوونەکان بەلای خۆیاندا: عەرەب زۆرینەیە، عێراق بەشێکە لە سیستمی عەرەبی بۆ نموونە جامعەی عەرەبی، لایەنی نێونەتەوەی کێشەی کورد بە کێشەی کەمینەیەکی ناوخۆی عێراق دادەنێن، عێراقی عەرەب ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە. لەمانەش کاریگەرتر، دەستوور دەستوورێکی عەرەبیە و لە بەرژەوەنی عەرەب داڕێژراوە.

عەرەب وەک هێزیکی یەکگرتوو تواناکانی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ سەرکوتکردنی کورد. خۆ گەر کورد لە عێراقدا نەبا، بڕوا ناکەم شیعەمەزهەب هیچ حسابێکی بۆ جامعەی عەرەبی سوونەمەزەب بکردایە. بەبێ بوونی کورد، جامعەی عەرەبی دەبوو بە ململانێ لەنێوان شیعە و سوونەدا، چونکە جامعەکە قووڵی و هێزی سوونە نیشان دەدات. کەچی لەوە دەچێت کە گووشاری عومەر موسای سەرۆکی جامعە کاریگەر بووبێت لە بەعەرەبکردنی عێراقدا. خۆ گەر عێراق بە ئەندامێتی جامعەی عەرەبی بمێنێتەوە مانای ئەوەیە بە عەرەبی ماوەتەوە.

کورد دوژمنی گەورەتریشی هەیە. ئەوەتا سەفیری ئەمەریکا لە عێراق، زەڵمای خەلیلزادە، دەیەوێت گۆڕانکاری تر لە دەستووردا بکرێت بۆ قایلکردنی سوونەمەزهەبەکان. گومانیشم نیە کە هەموو سازەشکان لە دەستووردا لەسەر حیسابی مافەکانی کورد دەبێت.

هەڵبەت عەرەب و ئەنگلۆئەمەریکەکان کەسایەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد چاک دەناسن، دەزانن کە هاسان قایل دەبن و ئامادەن بە دەستی بەتاڵ بچنەوە ماڵەوە. تەنانەت سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ددانی بەوەدا نا کە سەرکردایەتی کورد بە مافوورفرۆش ناسراون "باس لە گەورە دەکەن و بچووک دەبەنەوە ماڵ." ئایا جێی پرس نیە کە کوردی هاوپەیمانی ئەمەریکا دەبێت سازش بکات بۆ رازیکردنی سوونەمەزەبی عێراق، کە بەرپرسن بەرانبە ناجێگیری باری ئاسایشی عێراق و تاوانی دژ بە هێزی هاوپەیمانان. هەموو تواناشیان خستووەتە گەڕ بۆ هەرەسی پرۆژەی ئەمەریکا لە عێراق و خۆرهەلاتی نێوەند. کەچی هێشتا ئەمەریکا حساب بۆ ئەمان زۆرتر دەکات تا کورد.

ئەم گۆڕانکارانەش پاش ئەوە دەکرێن کە پەڕلەمانی کوردستان دەستوورەکەی پەسەند کردووە. جا با ئەم پەسەنکردنەش تەنیا پرسەگوورگانە بووبێت. خۆ گەر حزبە کوردستانیەکان ڕێزیان لە پەڕلەمانی کوردستان بگرتبا و وەک ویست و هێزی گەلی کوردستان ڕەوتاریان لەتەکدا بکردایە، ڕەنگە عەرەب و ئەنگلۆئەمەریکیەکانیش حسابێکی جیدی تریان بۆ بکردایە. پەڕلەمانی کوردستان بە چەند سەعاتێک دەستی ڕەزامەندی لەسەر پاشەڕۆژی کورد و کوردستان بڵند کردەووە. ئایا دەستوورەکە لەو چەند سەعاتە زۆرتری هەڵنەدەگرت؟

## عێراق یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیە

بەراوردکردنی ڕەشنووسی دەستووری پێشنیارکراو لەلایەن شیعەوە [4]، بە ڕەشنووسی دەستووری عێراق [5] قەڵەمبازێک بەدی دەکرێت. هەڵبەت ڕەشنووسەکەی شیعەکان لە سکارترین بنەماکانی شارستانی و هاوچەرخەوە دوور بوو. دیارە هێزە کوردستانیەکان کاریگەر بوون لە بەرهەمهێنانی ڕەشنووسی دەستووردا. ئایا هێندە کاریگەر بوون کە یەکپارچەیی گەل و خاکی کوردستانیان – نەک عێراق – پاراستبێت؟ ئایا دەستووری عێراق یەکسانی لەنێوان کورد و عەرەبدا فەراهەم کردووە؟ ئایا هێزە کوردستانیەکان توانیوویانە ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکیان دابوو بهێننە دی؟ هەڵبەت کەلێنی زۆر گەورە بەدی دەکرێت لەنێوان گفتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەر لە چوونی بۆ بەغداد و ڕەشنووسی دەستوورەکەدا. [6] نموونە زۆرن.

عێراق لە دەستوورەکەدا، یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانە – یان خۆبەخشانە – نیە لە نێوان دوو گەل – کورد و عەرەب – و دوو نیشمان – کوردستان و عێراقی عەرەبی. هەرچەندە بەلای سەرۆکی کوردستانەوە دەستوورەکە "عێراقێکی یەکگرتووی ئارەزومەندانە بە واتای دیاریکردنی چارەنووس دێت." [7] ئەمە لێدانەوەیەکی چەوتە. با جارێک واز لە پرسی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان بهێنین کە نووزەی لێوە نەهاتووە.

کورد خۆیشی هاوهەڵوێست نیە لەسەر مافی چارەی خۆنووسین، کە بە مانای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دیت. سەرۆککۆماری عێراق، تاڵەبانی، کە هاوپەیمانی سەرۆکی هەرێمە، باوەڕی وایە کە تەنیا "هەندێک لاوی خەوندیتوو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەخوازن." [8] ئەز وا تێگەیشتم کە سەرۆکی هەرێم دەیەوێت بامانخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە لە دەستوورەکەدا "مافی چارەی خۆنووسین دیاری کراوە."

لەوە دەچێت بۆچوونی تاڵەبانی زاڵ بێت. "عێراقی یەکگرتووی ئارەزوومەندانە" لە دەستوورەکەدا تاساوە. خۆ بۆ ئەوەی "عێراقێکی یەکگرتوو" بێتە ئەفراندان، پێشەکی پێویستە بەلانیکەمەوە دوو گەل لە عێرقدا بژین و عێراق لە دوو نیشتمان پێکهاتبێت. لە دەستوورەکەدا، گەلێک نیە ناوی "کورد" یان "گەلی کوردستان" بێت. جا نازانم یەکگرتنی ئارەزوومەندانە کام لایەنانە بەئەنجامیان گەیاندووە. ڕاستە، زمانی کوردی – مادەی 4 – و هەرێمی کوردستان – مادەی 5، 114، 137– ناویان هاتووە، بەڵام کورد، وەک گەل، ناوی، بۆ کوولەکەی تەڕ نازانم، لە ڕەشنووسی دەستووری عێراقدا نیە. ئەمە لە کاتێکدا کە لەنێو دەستوورەکەدا، نەک دەستپێکەکەدا، تورکمان، کلد و ئاشوور وەک گەل ئاماژەیان بۆ کراوە – مادەی 122. ئایا ئەمە یەکسانی و ڕەوایە؟

ڕاستە لە دەستپێکەکەیدا – کە پێدەچێت مەلایەک نووسیبێتی – ناوی "کورد" هاتووە، بەڵام خراوەتە ئاستی تورکمانەوە و وەک گەلیش ناوی نەهاتووە. لێرەدا دەکرێت کورد ئەتنیک یان ئاین گرووپێک بێت و هیچی تر. سەرباری ئەمەش، بەپێچەوانەی دەسپێکەکەی قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە سەردەمی گواستنەوەدا، دەسپێکی دەستوورەکە دەقێکی قانوونی نیە تا عێراق پابەند بێت پێوەی. [9]

راستە مادەی 1 دەنووسێت، "رژێمی حوکمکردن لە عێراقدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیمکراتی یەکگرتووە." بەڵام بە راشکاوی نانووسێت کە ئەم "یەکگرتنە" لە نێوان کێدایە. دواتر، لە مادەی 3دا دەنووسێت، "عێراق وڵاتێکی هەمە گەل، ئاین و مەزهەبە و بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی. گەلی عەرەب بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب." خۆ گەر سەرنج بدەین، ناوی گەلی کوردستان یان گەلی کورد لەم مادەیەدا نەهاتووە. جا لێرەدا چەواشەکردنێک لە دەستوورەکەدا سەرهەڵ دەدات. ئایا عێراق یەکگرتنە لە نێوان ئەو پێکهاتانەدا کە لە مادەی 3دا ناویان هاتووە یان یەکگرتنێکی جودایە. با جارێک بگەڕێین.

خۆ رەنگە مادەی 133 بە فریادمان بگات. لێرەدا دەستوور یەکەکانی عێراقی یەکگرتووی دیاری کردووە. هەڵبەت دەبووایە ئەم بەندە لە سەرەتای دەستوورەکەدا بووایە. ئایا بۆ چەواشەکردن وا دواخراوە؟

مادەی 113 دەنووسێت، "رژێمی یەکگرتوو لە کۆماری عێراقدا لە پایتەخت، هەرێمەکان و ستانە [پارێزگە] نانێوەندیەکان و ئیدارەی ناوچەکان پێکهاتووە."

کەواتە عێراق یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەی دوو گەلی کورد و عەرەب و دوو نیشتیمانی کورد و عەرەب نیە. خۆ گەر حەز بکەین بۆ هاسان تێگەیشتن ناوی ئەم "یەکگرتنە" بنێین "فیدراڵیزم" – بەبێ ئەوەی لەیادی بکەین کە "یەکگرتن" و "فیدرالیزم" جودان – ئەوا عێراق لەسەر بنەمای "فیدراڵی ئیداری" یان "فیدراڵی بەرێوەبردن" پێکهاتووە – نەک نەتەوەیی، جوگرافی و مێژووی. ئەم فیدراڵیەش – یەکگرتنەش – زۆر زەق نیە، چونکە دەسەڵاتی هەرێم زۆر کەم و لاوازە – دەروازەی پێنجەم، مادەی 113 بۆ 123، بەراورد ناکرێت بە دەسەڵاتەکانی حکومەتی نێوەند کە سەردەستە – بۆ نموونە مادەی 107، 108. سەرباری ئەمەش – مادەی 118، دەسەڵاتی هەرێم بۆی نیە دەستوەربداتە دەسەڵاتەکانی نێوەندەوە. بەهیچ جۆرێکیش نابێت قانوونێکی هەرێم ناتەبا بێت لەگەڵ ئەوانەی کە لە نێوەندەوە دەردەچن – مادەی 13. دەستووری هەرێمیش – مادەی 117– تەنیا سێبەر یان پاشکۆی دەستووری حکومەتی نێوەند دەبێت و ناکرێت قانوونێکی تێدا بێت کە لەگەڵ دەستوورەکەدا ناتەبا بێت – مادەی 13، 118. دەسەڵاتێکی زۆریش دراوە بە سەرۆکوەزیران – مادەی 78.

کەواتە، کاری پەرلەمانی کوردستان زۆرتر لێکدانەوەی قانوونەکانی بەغداد دەبن. بۆ ئەم کارە ساکارەش وابزانم پەرلەمان پێویشت ناکات. کاری پەرلەمان وەک کەنسلی – یان شارەوانی – هەرێمی لێ دێت. هەڵبەت ئاشکرایە کە مەبەست دامەزراندنەوەی حکومەتێکی نێوەندی بەهێز بووە لە عێراقدا.

لەم رۆشنایەدا، بەهیچ جۆرێک لەم دەستوورەدا فیدراڵیەت بە مانای یەکگرتنی کورد و عەرەب یان کوردستان و عێراقی عەرەب نایەت. بەڵکو یەکگرتنی چەند یەکەیەکی ئیداریە.

یەکێک لەم یەکە ئیداریانە، لە مادەی 114 بەندی یەکەمدا، پێناسە کراوە: "ئەم دەستوورە کە پیادە کرا هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی بە هەرێمێکی یەکگرتوو برِیار دەدات."

لە مادەی 114 بەندی دووەمدا، پشتگیری لە یەکەی ئیداری تریش دەکات: "ئەم دەستوورە برِیار لەسەر هەرێمی تریش دەدات کە بەپێی بەندەکانی [دەستوورەکە] دابمەزرێن."

خۆ گەر سەرنج بدرێت مادەی 114 بەندی یەکەم مەرجی هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە پیادەکردنی ئەم دەستوورەوە. خۆ هەموو دەستوورەکە پووچەڵە گەر پیادە نەکرا، کە ئەمەش گرێدراوە بە دەنگدان لە رفراندەمێکدا لەلایەن خەڵکی عێراقەوە. بۆچی تەنیا ئەم برگەیە دەبەسترێتەوە بە پیادەکردنی دەستوورەکەوە؟ ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێستا "هەرێمی کوردستان" شەرعیەتی نیە یان، دواتر،

شەرعەیتی نامێنێت گەر دەستوورەکە دەنگی پێنەدرا. رەنگە عەرەب دڵی بەوە خۆش بکات کە ئەمان شەرعیەت دەبەخشن بە حکومەتی دیفاکتۆی کوردستان، نەک خوێنی هەزاران هەزار لاوی کورد.

مادەی 138ی دەستوورەکە، بەندی ئەلف لە مادەی 53ی قانوونی بەڕێوەبردن لە سەردەمی گواستنەوەدا، دەکاتە قانوونی دەستوور. [9] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرێمی کوردستان سنوورەکەی هەر ئەو ناوچانەیە کە لەژێر ئیدارەی پارتی و یەکێتیدان.

سەرباری ئەمەش، گەلێک لە دەستوورەکەدا نیە بە ناوی "گەلی کوردستان". بگرە لەمەش ناهەموارترە. لە سەرتاسەری دەستوورەکەدا هیچ گەلێک، نەک گەلی کوردستان، نابەسترێتەوە بەو هەرێمی کوردستانەوە کە دیاریکراوە. زۆرتر بە دابڕاوی – یان ئەبستراکت – باس لە هەرێمی کوردستان دەکات. وای نیشان دەدات کە کوردستان تەنیا ناوێکە وەک هەموو ناوێکی تر، نەک نیشتمانێکی گرێدراو بە خوێن،مێژوو، کلتوور و زمان بە گەلێکەوە. وێڕای ئەمەش کوردستان تاقە هەرێمێکە لە چەندین هەرێم کە دەکرێت دابمەزرێن بەپێی دەستوور و لە هەموو تایبەتمەندیەک داماڵدراوە، جا با مێژوویی، کلتووری، زمانەوانی، خەبات، جەنەساید، ئەنفال، هەڵەبجە، هەرچیەکی تریش بێت. لەم روانگەیەوە، کوردستان لە کوردبوون و کوردستانیبوون کەوڵکراوە.

لەم گۆشەیەوە، ئەم دەستوورە، با تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزیش بووبن، پاشەکشەی کردووە لە دەستوورەکانی حکومەتی بەعسی 1970 و 1990. [11،10] بەندی ئەلفی مادەی 5 لە دەستووری حوکمی ئەحمەد حەسەن بەکر بە راشکاوی دەنووسێت، "نەتەوەی عێراق لە دوو گەلی سەرەکی پێک دێت. ئەمانیش گەلی عەرەب و گەلی کوردن." لە دەستوورەکەی سەدام حسێنیشدا 1990، دیسان هەمان بڕگە دووبارە بووەتەوە. خۆ گەر بەراوردی ئەم دەستوورە بەعسیانە بە دەستووری کاتی 1958 بکەین، پاشەکشە دیارە. مادەی 3 لەم دەستوورەدا دەنووسێت کە "کورد و عەرەب بە هاوبەش لەم نیشتمانەدا دادەنرێن و ئەم دەستوورە مافی نەتەوایەتیان لە یەکێتی عێراقدا فەراهەم دەکات." [12] گرنگە ئەوە سەرنج بدەین کە ئەم مادەیە باسی مافی کورد و عەرەب بەجودا ناکات، بەڵکو دەیان بەستێت بەیەکەوە، کە دەکرێت وەک هاوتایەک ببینرێت.

کەواتە گەلی کوردستان، نەک وەک گەلێکی هاوتای عەرەب، بەڵکو لە دەستوورەکەدا هەر بوونی نەماوە. گەر کورد و عەرەب لە عێراقدا هاومافن و کورد هاوڵاتی پلە دوو نیە، وەک زۆر دەستووری پێشنیارکراو، دەبووایە دەستوورەکە چەند کۆنسێپتێکی دابڕشتایە. بۆ نموونە، دەبووایە بنووسرایە کە عێراق وڵاتێکی یەکگرتووە و یەکگرتنەکە لەنێوان دوو گەلی کورد و عەرەب و دوو نیشتمانی کورد – کوردستان – و عێراقی عەرەبەدایە. جوگرافیا و سنووری ئەم دوو هەرێمەش دەبووایە دیاری بکرایە لە دەستوورەکەدا.

خوێندنەوەی من، کە رەنگە لە زەمینەی سیاسەتی سەرکردایەتی سیاسی چەند دەیەی رابردووەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەوەیە کە باشووری کوردستان بەرەو دابەشبوون بەسەر چەند هەرێمێکدا دەچێت. ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، کە ئێستا دوو هەرێمی دێفاکتۆن و هەموو بنەمایەکی دەوڵەتیان تێدایە، بەرەو کامڵتر بوون دەچن، و رەنگە بەتەواوی ببن بە دوو هەرێم. کەرکووکیش وەک هەرێمێکی تر سەرهەڵدەدات. ئەو ناوچانەی کوردستانیش کە لەدەری دەسەڵاتی کوردن پاشەڕۆژیان نادیارە، بگرە رەشیشە. بۆچی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان سازشی لەسەر ئەو ناوچانە کردووە کە ناکۆکیان لەسەر نیە، بۆ نموونە خانەقین، مەخموور و ژەنگار؟ بۆچی نەخراونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان؟

دەستوورەکە رێی قانوونی نادات بە ستانێک لەگەڵ هەرێمێکدا یەکبگرێت. دەروازەی پێنجەم کە دەسەڵاتی هەرێمەکان دیاری دەکات لە مادەیەکانی 113 بۆ 122 پێکهاتووە. لە هیچ یەکێک لەم مادانەدا پێکەوەلکانی ستان بە هەرێمەوە ناکاتە قانوون. لەم روانگەیەوە، کەرکووک، بۆ نموونە، بە قانوون ناتوانێت بچێتە پاڵ هەرێمی کوردستان تەنانەت دوای ئاسایی کردنەوەشی. هەڵبەت لە پێشنووسەکانی تری بەر لە رەشنووسی دەستوورەکەدا، مادەی 114 دەرفەتی دەدا کە دوو هەرێم یەکبگرن بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی فراونترا؛ دوو ستان یان پتر یەکبگرن بۆ پکهێنانی هەرێمێک و ستانێک ببێت بە هەرێمێک. بەڵام لە رەشنووسەکەی دواتردا ئەم مافانە بەربەست دەکات. [13] بۆچی ئەم برگەیە لابراوە؟

بەم پێیە جگە لەو سێ هەرێمەی ناوم بردن، ناوچەکانی دەریان ناتونن بچنە سەر هەرێمی کوردستان. خۆ ناشتوانن ببن بە ستانێکی نانێوەند – بە پێی مادەی 116– بۆ پارێزگاری کوردستانێتی خۆیان، چونکە کورد زۆرینە نین لەم ستانانەدا. رەنگە وەبیرهێنانەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی جەنیوەری 2005 یارمەتیمان بدات، گەر ئەوە لەیاد نەکەین کە عەرەبی سوونە لەم ستانانەدا بۆیکۆتی هەڵبژاردنیان کرد. لە دیالەدا، کورد نزیکەی لەسەدا 17ی دەنگەکانی هێنا، لە سەلاحەدیندا نزیکەی لەسەدا 13 و لە موسڵدا (نەینەوا) نزیکەی لەسەدا 38. جابۆیە هیچ پارچەیەکی جێماو لە دەری سێ ستانی ناوبراودا نە دەتوانن ببن بە ستانی نانێوەندی کوردستانی نە دەتوانن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا یەکبگرن. لەوە دەچێت کە کورد بۆ ریش چووبێتە بەغداد، سمێڵیشی نابێتە بانی.

ئەوەی گرنگە، باشووری کوردستان – یان کوردستانی عێراق – لەم گورانکاریانەدا وەک قەوارەیەکی سیاسی، با لەنێو سنووری عێراقیشدا بێت، سەری هەڵنەدا و بۆ هەمیشەی هەڵوەشایەوە. باشووری کوردستان کە لەنێو سنووری عێراقدا بۆ نزیکەی هەشتا ساڵ بە یەکگرتوویی مابووەوە، کورد خۆی هەڵی وەشاندەوە. هەڵوەشانەوەکە لە 1991دا دەستی پێکرد، لە 1994دا بە جەنگی خۆکوژی نێوان پارتی و یەکێتیدا تێپەری و بە دەستووری عێراقی فەرمی کرا.

خۆ ئەمە هەر لە سەرەتاوە سیاسەتی ئەمەریکا بوو لە عێراقدا. فیدراڵی ستانەکان، کە لە سەردەمی ئەنجوومەنی حوکمدا – 15 نۆڤەمبەری 2003، تاڵەبانی پەسەندی کرد، ئەمجارەیان بە شێوازێکی تر ئەنگلۆئەمەریکیەکان خستیانەوە ناو کارنامەی هێزە سیاسیەکانی عێراق. راستە ئێستا جودایە لەوەی جاری یەکەم. [14] جاری یەکەم قانوون فیدراڵی ستانەکانی دەسەپاند، کە دەکرێت بە بۆچوونێکی ئەمەیکی ببینرێت. ئەمجارەیان، ئینگلیزانە لە کێشەکە نزیک بوونەوە. فیدراڵی ستانەکانیان نەسەپاند، بەڵکو زەمینەیان بۆ خۆش کرد. با لەیادی نەکەین، نەخشەی فیدراڵی ستانەکان تەینا بۆ کوردستانە، نەک بۆ بەشی عەرەبی عێراق، چونکە ئامانجی هەموو لایەک تواندنەوەی کوردە.

دەستووری عێراق دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی کوردستانی، جا با لەنێو سنووری عێراقیشدا بێت، زۆر دوور خستەوە. پاڵەوانانی ئەم شانۆگەریەش کورد خۆی بوو.

ئەو سەرکردە سیاسیەی کە نەیتوانی کوردستان یەکبخاتەوە، توانی "سەربەخۆیی و سەروەرێتی" – مادەی 1 – بداتەوە بە عێراقی عرووبە تا بیخاتەوە گەڕ بۆ خوێنرشتنی گەلی کوردستان. بەڵام با لەیادی نەکەین رۆڵی سەرەکی کورد لە گفتووگۆکانی دەستووری عێراقدا "نزیککردنەوەی بۆچوونەکانی هەردوو لایەنی شیعە و سوننە" بوو، نەک سەرسەختی بۆ بەدەستخستنی مافەکانی گەلی کوردستان.

## سەرچاوەکان و سەرنجەکان

1. گووتەبێژی حکومەتی تورکیا، ئاژانسەکان، 30 ئۆگەستی 2005

2. سەدام حسین لە 1974دا، کە گفتووگۆی نێوان کورد و عەرەب رما گووتی: گەلی کورد گەلی خۆمانە و ئێمە لەسەر داهاتووی سوورترین.

3. گووتەبێژی حکومەتی تورکیا، ئاژانسەکان، 1 سێپتەمبەری 2005

دەستووری عێراق، گردبوونەوەی شیعەی عێراق، رۆژنامەی عەرەبزمانی عێراقی سەباح، 26 جوڵای 2005، بەغداد، رەشنووسی دەستووری پێشنیارکراوی گردبوونەوەی عێراقە

4. بۆ هەڵسەنگاندنی رەشنووسی پێشنیارکراوی گردبوونەوەی شیعەی عێراق. پروانە: رێبوار فەتاح، دەستووری عێراق، هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە 237، 17 ئۆگەست 2005، سلێمانی. لەم گووتارەدا بە هەڵەیە "تەکفیرم" بە نەگەتیف لێکداوەتەوە؛ دەبووایە بە پۆزەتیڤم بدیبایە.

http://www.hawlati.com/archive/year2005/issue237/2001-237_15.pdf

5. رەشنووسی دەستووری عێراق،

بە زمانی عەرەبی: رۆژنامەی شەرقول ئەوسەت، 30 ئۆگەست 2005، لەندەن

بە زمانی کوردی: وەرگێرانی سەنتەری رۆشنبیری پارێزەران، کوردستاننێت، 31 ئۆگەست 2005. وەرگێران دەستپێکەکەیان وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی کوردی. هەڵبەت نرخێکی وای نەبووە، وەرگێران بهێنێت.

http://kurdistannet.org/9-2005/1-9/destuur.pdf

6. مەسعود بەرزانی، رۆژنامەی خەبات، 7 ئۆگەست 2005، هەولێر. دەقی گووتارەکەی سەرۆکی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان بەر لە چوونی بۆ گفتووگۆکانی بەغداد

7. مەسعود بەرزانی دەبێژێت:

"رۆلی ئێمە زیاتر لە یەك نزیککردنەوەی شیعە و سوننەدا بوو، بەراستی ئێمە وەکوو کورد جگە لەوەی دەسکەوتی گەورەمان بۆ خۆمان بە دەستهێنا، بەڵام رۆڵێکی سەرکیمان بینی لە نزیك کردنەوەی بۆچوونەکانی هەر دوو لایەنی شیعە و سوننە." کەواتە کورد جارێکی تریش کاری یەککرتنەوە و رێکخستنی دوژمنەکانیان بووە نەك خۆیان. ئەز وامەدزانی کە وانەی یەکەمی گفتووگۆ دڵنیابوونە لە تێکشکاندن و کوتکوتکردنی دوژمن بۆئەوەی هەڵوێستی خۆت بەهێز بکەیت.

پەیامنێر، سەرۆکی کوردستان: عێراقێکی یەکگرتووی ئارەزومەندانە بە واتای دیاریکردنی چارەنووس دێت، 29 ئۆگەستی 2005، کوردستان، http://www.peyamner.com/article.php?id=20254&lang=kurdish

8. یالچین دۆغان، گفتووگۆ لەگەڵ سەرۆککۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی، رۆژنامەی حوریەتی تورکزمان، 4 سێپتەمبەری 2005، http://www.hurriyetim.com.tr/haber/0,,nvid~626303,00.asp

9. قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا، 8 مارت 2004.لەمادەی 1دا دەنووسێت کە دەستپێکەکەی بەشێکی جودانەکراوەیە لە قانوونەکە. بۆ ئینگلیزیەکەی پروانە:

http://www.iraqfoundation.org/projects/constitution/tal2004.htm

10. حکومەتی عێراق، دەستووری عێراق، 1970،

http://www.iraqfoundation.org/projects/constitution/Iraq%20Constitution%20-%201970.pdf

11. حکومەتی عێراق، دەستووری عێراق، 1990،

http://www.iraqfoundation.org/projects/constitution/local_iraq1990.pdf

12. حکومەتی عێراق، دەستووری کاتی عێراق 1958،

http://www.iraqidustour.com/arabic/cons-archive/cons-archive3.htm

13. پروانە رەشنووسی دەستووری عێراق، رۆژنامەی سەباح، بە عەرەبی، بەغداد، 28 ئۆگەستی 2005،

http://www.alsabaah.com/modules.php?name=News&file=article&sid=9064

14. ئەنجوومەنی حوکرانی عێراق و دەسەڵاتی هاوپەیمانان، پرۆسەی سیاسی عێراق، 15 نۆڤەمبەری 2003. پروانە گووتاری کوردیش میدیا:

KurdishMedia.com, The US and Iraqi Governing Council deny the Kurdish identity, 17 November 2003, http://www.kurdmedia.com/editorial.asp?id=1726

ئەم گووتارە کورتەی کۆڕێکە کە بۆ نووسەر رێکخرابوو.

**پەیوەندیەکان:** rebwar@ikurd.com